## بۆ بەرێز هەژێنی خۆشەویست

سەردار عەبدوڵلا sardar@telia.com

نامەکەتم خۆێندەوە، سوپاسی هەستت دەکەم لە ماندووبوون و خزمەتکردن بە هونەرێکی مرۆڤدۆستانەی وەک هونەرەکەی کاروان عوسمان. ئەو کارەی کە بەرێزت ئەنجامت داوە لە دروستکردنی سایتێک بۆ بەرهەمەکانی ئەو هونەرمەندە کارێکی گەورەیە و من بەو کارە بچووکەی خۆم بەراوردی ناکەم.

من، بەرێکەوت کەوتم بەسەر لینکی ئەو سایتەی کە بەرێزت سازتکردووە، ئەو لینکەش تەنیا گۆرانییەکانی بوو، نەک سایتە سەرەکییەکە، لە راستیدا من ویستم ئەو باباتە هەر بۆ ئەوێ رەوانەبکەم بەڵام هەرچەند هەولمدا ئیمەیل ئەدرەسیم بۆ نەدۆزرایەوە، هەربەو هۆیە وتوومە (بی ` ئەدرێس)، وەک چۆن بەرێزت قەت بیرت لەوەڵامێکی ئاوانەکردبۆوە بەمن! منیش هەرگیز بیرم لە هەڵدان بە خۆ و بە کەم سەیرکردنی کاری کەسانی تر نەکردۆتەوە! من پێم خۆش بوو ئەو ئێحساسانەی دڵم لە کەسانی تر بژنەوم، ئەو نووسینەی من نووسیوومە کەسێکی تر بینووسیبا؛ ئەوسا هەستم دەکرد کە کەسێک زیاترین، هەندێ بەهێزترین! بەرێزم من بڵێم چی؟ کە تاکوو ئێستاش شتێکی ئەوتۆم لەسەر ئەو ئینسانە نەبینیوە! هەڵبەت باسیشم کردووە و ئاماژەم بە هۆکانیشی داوە!

بەرێزم، کاروان و کەیسی کاروان بۆ ئێمە و هەموو ئەو ئینسانانەی وەک تۆن گرنگە، بۆ کەسانێک گرنگ نییە کە دەستفرۆشانی بێسەرمایە و مندالانی رەنگ زەردی بن دەستیان نابینن، بۆ کەسێک گرنگ نییە کە پێیوابێت دەبێت؛ دنیای چینایەتی دەستی لێنەدرێت، لای کەسێک گرنگ نییە کە خاکی لە ئینسان پێ موقەدەس تربێت!

بەڵێ، کاروان و کەیسی کاروانی هەرگیز لای ئاوانە گرنگ نییە، کە داوای تەمەن درێژی بۆ ئیزرائیلەکانی خوا لەسەر زەوی دەکەن دەستخۆشیان لە گیان کێشانی مرۆڤەکان لێدەکەن و چەپڵە بۆ سزای سێدارە لێدەدەن، نا هەرگیز بۆ لایەنگرانی ئەو حیزبانە گرنگ نییە کە خاوەنی لیستی دورودرێژی تیرۆری نەیارە سیاسییەکانیانن!

بەرێزم، سەبارەت بە پەیوەندی گرتنت بە گۆڤاری هاناوە؛ بەرێزت راست دەکەیت. من وەک یەکێک لەدەستەی نووسەرانی لە نزیکەوە ئاگاداری کێشەکانی ئەو گۆڤارەم؛ هانا کێشەی تایبەتی خۆی هەیە، کێشەی ماڵی و تەندروستی خراپی سلیمان قاسمیانی (سەرنووسەر) رێگەی لەدەرکردنی هانا گرتووە؛ هەروەها وەڵامی نامەکان هەمێشە بە نووسراو بووە لە گۆڤارەکەدا، هەر بەو هۆیە وەڵام وەرنەگرتنەوەکەشت پێدەچێت بەو هۆیەوە بێت.ژمارەکانی هانا دەتوانرێت لەم سایتەدا دەستبکەوێت www.hana.se

بەڕێزم، ئەوبەرهەمانەی کە باست کردوون بەتایبەت(بیهێنە پێش چاو) لام هەبوو بەڵام بەهەمان دەردی ئەوەی تۆ ڕۆشتن، بەڵام زۆر دوور نیە کە پەیدای بکەمەوە بە هاوکاری رادیۆی هاوپشتی لە سوید و ئەوسا هەم بۆ بەڕیزت و هەم بۆ گوێگران قابیلی دەستڕەس دەبن. سەبارەت بە شیعری ئەو سرووده و سروودی ئەنتەرناسیۆنال، ریبواری شاعیر(مصلح شێخ ئیسلامی) ئەو دوو تێکستەی بۆ ناردم کە خۆی وەرگێریتی، بەڵام دیارە کاروان هەندێ دەستکاریکردووە بە خاتری ئاوازەکەی؛ من لەگەڵ سوپاسی هاورێم رێبوار ئەو دوو تێکستەی ئەو لەم نامەیەدا بڵاودەکەمەوە! بەو هیوایەی کە سەرکەوتووبیت و گللەیی و رەخنەکانیشت دڵسۆزانە وەرمگرتن.

سووپاس

سەردار ٢٠٠٥/٥/١٨

**<u>بیهینه پیش چاو</u>**

*<u>وه رگیرانی ئازاد له گورانی ئیماجین؛ جان لینون</u>*

*<u>ریبوار</u>*

بیهنه پیش چاو روژیک بی
هه موان هه موو شتیکیان بی
ئاسانه ئه گه ر تیی فکری
هیچ شتیک مولکی که س نه بی!
بیهینه پیش چاو که هه موان
هه ر بو ئه مرو بژین
یه کسه ر....

ئه م ولات و ئه و ولات و
سنوور نه بی!
کویی دژواره؟
ناکری وابی؟
پیناویک نه بی بو کوژران
نه بو کوشتن و خوین رشتن...
تاویک تی فکره؛ چه ن خوشه:
جه هه ننه می پاش مه رگ نه بی.
به هه شت نه بی
ئایین نه بی

سه ر سه ریشمان

- هه تا بروی-

غه یری ئاسمان هیچ تر نه بی

بیهینه پیش چاو

که هه موان

له ئاشتی دا بژین — یه کسه ر-

ره نگه بلیی من خه یال هه لی گرتووم

به لام هه رمن نیم وا ده لیم

به هیوام توش

روژیکی بی یه کورمان

دنیاش گه ش...

بیهینه پیش چاو

مولک نه بی

- سه د بریا توش ئه ت سه لماند-

نه ته ماع بی و نه برسیه تی

به شه ر هه موو برا بان.

بیهینه پیش چاو

که هه موان

پوشته و خاوین بینه ده ر

گشت، یه کسه ر...

ره نگه بلیی

من خه یال هه لی گرتووم

به لام هه رمن نیم واده لیم

به هیوام توش

روژیکی بی یه کورمان؛

ئه م جیهانه ش

وه ک یه ک بژین هه موومان...

<u>انترناسیونال</u>

<u>*شیعری ئوژن پواتیه؛ وه رگیران بو کوردی: ریبوار*</u>

هه ستن ئه ی هوزی به ش مه ینه تان؛
دیلانی برسیه تی دنیا!
له ته نووره ی بیر وباوه رمان
قرمژنی تریشقه راسا.
ته نووره ی ئاخرینه؛ هه ستن؛
با هه لی پیچین ده وره ی کون!
رابین و ژیره و ژوور که ین جیهان؛
ئیمه ی هیچ بین به گشت، ئه ی کویلان!

ئاخرین شه ره شه ری سه رومال
با یه کگرتوو بین هه والان!
به ئه نترناسیونال
رزگار ده بی ئینسان.

ده سه لاتدار رزگارمان ناکه ن؛
نه شا، نه شیخ، نه ئاسمان.
با خومان بو رزگاری رابین،
ئه ی خیلی به رهه مهینه ران!
رزگاری گشتی بی و ره ها که ین
گیان له به ند و مال له تالان.
خومان ئاگر خوش که ین و بوکتین
به گه رماوگه رمی ئاسنمان.

ئاخرین شه ره شه ری سه رومال
با یه کگرتوو بین هه والان!
به ئه نترناسیونال
رزگار ده بی ئینسان.

ئیمه ین کریکاران و وه رزیران:
کومه لی مه زنی زه حمه تکیش.
هه ر به ئیمه ده بری جیهان؛
تا که ی بو ته وه زه لی خوین ریژ؟!
به لام ئه مرو و سبه ی، ئه ی هه والان،

هه ر که فه وتان قه ل و دالان،
هه تاوی گه ش هه تا هه تایه
تیشک داویژی بو ئینسان.

ئاخرین شه ره شه ری سه رومال
با یه کگرتوو بین هه والان!
به ئه نترناسیونال
رزگار ده بی ئینسان.